***دڵۆپێك هەستی خۆشەویستیی دڵدارێکی چاوەڕوان بۆ کوڕە پێشمەرگەیەکی چەك لە شان.***

***بەڕێز: دەستەی نووسەرانی گۆڤاری خنجیلانەو خۆشەویستی "ژنان"!***

***تکایە ئەگەر ئەم پەخشانە شێعرەتان بە قابیل زانی، بەبۆنەی ڕۆژی والنتێنا، ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی، بیخەنە روو.***

# ئاسۆری ئەوینێکی تاهەتایی

**نیشتمان بۆکانی**

چاوەڕێتم! چاوەڕێتم!

تاسەی شکۆفەی ماچی غوربەتیم، چاوەڕێتم/ ژیلەمۆی ئەوینی ئەهوراییم، بروسکەی شەوگاری تەنیاییم، چاوەڕێتم/ سترانی ژیانی بەختەوەریم، چاوەڕێتم/ تیشکی هیوا، نەمانی سۆز، باوەشی حەز، کێڵگەی ئەوین، مانای هەموو خەونەکانم، چاوەڕێتم/ هەتاوی ڕۆژانی رابردووم، هەسێرەی جێژوانی بێچرپەم، چاوەڕێتم/ ئەی ئەو کەسەی مانای سەرهەڵدانێکی پرشکۆی، بگەڕێوە ناو باوەشی هەستم، بگرە حەزی دەستم، لەناو باوەشی سۆزی چاوەڕێییمدا، کەپرێکم بۆ ساز کردووی، ئارام بگرە تێیدا، ئارام بگرە/ ئیتر بەس ون بە لێم، تاکەی گەڵای زەردی تەمەن چاوەڕێی گەیشتن بە ئاوی کانیاوی ئۆخەی بێ/ بەڵام نا گیانەکەم نا، هیچ شنەی بلاوێنی، هیچ ڕێژنەبارانێ ناتوانن ئا خەمی دووریت لە دڵ دەرکەن/ هۆ ئاشنا، ئەی ئەو کەسەی چێژی ژینت بە



من بەخشی، لەکام دەریا، لە کامە دیوان، لەبن لقی کامە هیوا، لەبن سێبەری کامە شاتوو، کامە گابەرد، لە قولایی کامە دڵدا خۆت حەشاردا، کەوا ئێستا بە چاو ونی‌و بەڵام هەموو ڕۆژێ لەگەڵ یەکەم گزینگی خۆرەتاو، پڕتاو پڕتاو خۆر دەباریتە نێو دەفتەری بیرەوەریم‌و منیش بە چ تامەزرۆیی‌یەکەوە، دەتخوێنمەوە/ دە پێم بڵێ بوویە پەروانە بۆ کامە شەم، تا منیش بم بە ئاگر، خۆم‌و خەم‌و خەیاڵی تۆ بسووتێنم/

هۆ ئاشنا، کوڕە حەیرانی عەشقی خۆمی‌و باش دەزانم بۆنی زوڵف‌و هەناسە هیچ کیژێکی‌تر بۆ ساتێکیش سەرخۆشت ناکەن، باوەشی گەرمی هیچ نازدارێك نەئۆخژنت پێ‌دەبەخشێ‌و نە هەستت دێنێتە بزووتن/ دەپێم بڵێ جگە لە نازدار حەیرانەکەی خۆت پشکۆی ماچی چ شۆخێك ئاگر دەخاتە جەستەو دەروونت؟!/

هۆ ئاشنا، کوڕە حەیرانەکەی عەشقی خۆم! تۆ دەزانی لە دیوانی دڵی مندا نیگای تۆ جوانترین شێعرو دووریت خەمناکترین گۆرانی‌یە؟/ دە بگەڕێوە، دە بگەڕێوە وا ئامێزم وشك هەڵات، دە بگەڕێوە، دە بگەڕێوە.../

لە گەڕانەوەتدا، پێش لە یەکەم گزینگی بەیانی ئازادی، خۆناوەی عەشقم دەکەم بە پەلکە زێڕینەی شێعرێك‌و لە بەژنی تۆی ئازیزی دەهاڵێم، جیهان پڕ دەکەم لە شادی/ هەر لەگەڵ یەکەم تریفەی مانگەشەوی پێکەوەبوونمان، لەگەڵ یەکەم سترانی سۆزی ئاوێتەبوونماندا بە تیشکی چاوەکانتەوە، لە وەرزی تۆف‌و کرێوەی هەناوم ڕۆ دەچم، بەهارێکی نوێ لە وەرزی ئەوین دەکێشمەوە، رازاوە وەك بەهاری ئازادی.

هۆ ئاشنا! شۆڕشی هەڵچووی گڕکانی یاخی! وا لە مێژە زەمەنی گەڕانەوەتم ڕاگرتووەو دڵنیام لەوەی کە دڵ ئاشنای ترپەی پێتە، ئەوینم دەستەمۆی تیشکی نیگاتەو چاوی هیواشم هەر لە ڕێتە، هەر لە ڕێتە. . .

❊❊❊